# الطعن في عهد النبي صلى الله عليه وسلم وخلفائه الصالحين

ناظم جاسم شيمت

Nazmjasm897@gmail.com

قسم التاريخ، كلية التربية – عقرة، جامعة دهوك، عقرة، إقليم كردستان

أ.م.د. شهله برهان عبدالله

shahla.abdulla@su.edu.krd

قسم التاريخ، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، أربيل، إقليم كردستان، العراق.

الكلمات المفتاحية: الطعن , عهد النبي , خلفاء , الصالحين , الرسول

كيفية اقتباس البحث

شيمت , ناظم جاسم , شهله برهان عبدالله, الطعن في عهد النبي صلى الله عليه وسلم وخلفائه الصالحين,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٥ .

هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.

مسجلة في Registered
ROAD

مفهرسة في Indexed
IASJ

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

# Criticizing the Era of the Prophet (peace and blessings be upon him) and His Rightly Guided Caliphs

**Nazm Jassim Shemat**
**Nazmjasm897@gmail.com**
**Department of History, College of Education - Aqrah, University of Duhok, Aqrah, Kurdistan Region**

**Assistant Professor Dr. Shahla Burhan Abdullah**
**shahla.abdulla@su.edu.krd**
**Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq**

**Keywords** : The challenge, the era of the Prophet, the successors, the righteous, the Messenger

**How To Cite This Article**
Shemat , Nazm Jassim , Shahla Burhan Abdullah ,Criticizing the Era of the Prophet (peace and blessings be upon him) and His Rightly Guided Caliphs ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Summary**
During the time of the Prophet Muhammad and the Rightly Guided Caliphs, defamation was forbidden by Islamic law, as it was considered an attack on dignity and a cause of discord. Rules were established to protect reputations and prevent lying and backbiting, and penalties were prescribed for slander. The approach focused on reform, deterring injustice, and protecting society from moral harm. Justice, discretion, and offering advice before punishment were observed to achieve the desired objectives. Defamation is behavior that Islam treats with judgment and guidance, because of its significant impact on individuals and society. Defamation, at its essence, is the act of exposing a person's defects or disclosing his shortcomings to others with the intent to belittle or

humiliate him. It is basically forbidden in Islamic Sharia because it causes the spread of immorality and harms the honor and dignity of a Muslim. Prophet Muhammad (peace and blessings of Allaah be upon him) forbade such actions, as Allah says: "Do not defame one another or call one another by (offensive) titles." He also warned against spreading immorality among believers. However, in the time of the Prophet, there were cases where defamation was permissible, but these were within a narrow framework and limited to public interest, such as warning against hypocrites, liars, or those who violate public trust. This approach continued during the time of the caliphs.During the time of the direct caliphs, 'Umar ibn al-Khattab (may Allah be pleased with him) publicly shamed those who were proven to have cheated or dishonest in the markets to warn the people against them, without exaggeration or injustice. Thus, it can be said that public shaming in Islam is divided into two types: permissible and impermissible. Permissible shaming is that which serves the public interest and deters corruption, while impermissible shaming is that which is intended to cause harm or personal revenge. Therefore, public shaming during the time of the Prophet and the guided caliphs was not a means of revenge or defamation, but a means of justice, protection of values and moral security in Islamic society.

الملخص

كان التشهير في عهد النبي محمد والخلفاء الراشدين مرفوضًا شرعًا، إذ اعتُبر اعتداءً على الكرامة وسببًا لانتشار الفتنة. شُرعت قواعد تحمي الأعراض وتمنع الكذب والغيبة، وأُقرت عقوبات على القذف. ركزت التجربة على الإصلاح، وردع الظلم، وحفظ المجتمع من الإيذاء المعنوي. ورُوعي فيه العدل والستر وتقديم النصح قبل العقوبة تحقيقًا للمقاصدِ.

التشهير سلوكٌ يُعامله الإسلام بحكمةٍ وإرشادٍ لما له من أثرٍ بالغٍ على الأفراد والمجتمع. والتشهير، في جوهره، هو فضح عيوب شخصٍ ما أو إظهار نقائصه للآخرين بقصد التقليل من شأنه أو إذلاله. وهو محرمٌ في الشريعة الإسلامية أساسًا لأنه يُؤدي إلى انتشار الفجور ويُسيء إلى شرف المسلم وكرامته. وقد نهى النبي محمد صلى الله عليه وسلم عن هذه الأفعال، إذ قال الله تعالى: "لا تسبوا ولا تنعتو بألقابٍ بذيئة". كما حذر من نشر الفجور بين المؤمنين. ومع ذلك، في زمن النبي صلى الله عليه وسلم، كانت هناك حالاتٌ يُسمح فيها بالتشهير، ولكن ضمن إطارٍ ضيقٍ ومقتصرٍ على المصلحة العامة، كالتحذير من المنافقين والكاذبين ومن يخونون الأمانة العامة. استمر هذا النهج في عهد الخلفاء الراشدين. ففي عهد الخلفاء الراشدين، كان عمر بن الخطاب رضي الله عنه يفضح علنًا من ثبت غشهم أو غشهم في الأسواق، تحذيرًا للناس منهم، دون مبالغة أو ظلم. ولذا، يمكن القول إن الفضح العلني في الإسلام ينقسم إلى نوعين: جائز وغير جائز.

الفضح الجائز هو ما يخدم المصلحة العامة ويردع الفساد، أما الفضح غير الجائز فهو ما يُقصد به إلحاق الضرر أو الانتقام الشخصي. وعليه، لم يكن الفضح العلني في عهد النبي صلى الله عليه وسلم والخلفاء الراشدين وسيلة للانتقام أو التشهير، بل كان وسيلة للعدل وحماية القيم والأمان الأخلاقي في المجتمع الإسلامي.

## ناوزراندن لەسەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) و خەلیفەکانی راشدین

**ناظم جاسم شيمت**

Nazmjasm897@gmail.com

بەشی مێژوو , کۆلێژی پەروەردە- ئاکرێ، زانکۆی دهوك، شاري ئاکرێ، هەرێمي کوردستان.

**پ.ی د.شهله برهان عبدالله**

بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولیر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:** لە سەردەمی پێغەمبەر محمد و خەلیفە ڕێنمایی کراوەکاندا، ناوزراندن بە شەریعەتی ئیسلامی قەدەغە کرابوو، بەو پێیەی بە هێرشکردنە سەر کەرامەت و هۆکاری ناتەبایی دادەنرا. ڕێساکان بۆ پاراستنی ناوبانگ و ڕێگریکردن لە درۆ و پشتگوێخستن دانرا و سزای بوختان دانرا. ڕێبازەکە لەسەر چاکسازی و ڕێگریکردن لە نادادپەروەری و پاراستنی کۆمەڵگا لە زیانەکانی ئەخلاقی بوو. دادپەروەری و ئیختیاری و پێشکەشکردنی ئامۆژگاری پێش سزادان بۆ گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان چاودێری دەکرا.

### پێشەکی :

ناوزراندن بریتییە لە ڕەفتارێک کە ئیسلام بە حوکم و ڕێنماییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکات، بەهۆی کاریگەرییە بەرچاوەکانی لەسەر تاک و کۆمەڵگا. ناوزراندن، لە جەوهەرەکەیدا، کردەی ئاشکراکردنی عەیبەکانی کەسێکە یان ئاشکراکردنی کەموکورییەکانی بۆ کەسانی دیکە بە مەبەستی بچووککردنەوە یان زەلیلکردنی. لە شەریعەتی ئیسلامیدا لە بنەڕەتدا قەدەغەیە چونکە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی بێ ئەخلاقی و زیان بە شەرەف و کەرامەتی موسڵمان دەگەیەنێت. پێغەمبەر محمد صلى الله



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٥

عليه وسلم ئەم جۆرە کارانەی قەدەغە کردووە، وەک خوای گەورە دەفەرموێت: "یەکتر ناشرین مەکەن و بە نازناوی (هێرشبەرانە) بانگی یەکتر مەکەن". هە ڕوە ها هۆشداری دا لە بڵاوکردنە وە ی بێ ئە خلاقی لە ناو ئیمانداران. بەڵام لە سەردەمی پێغەمبەردا، هەندێک حاڵەت هەبوون کە ناوزڕاندن ڕێگەپێدراوە، بەڵام ئەمانە لە چوارچێوەیەکی تەسکدا بوون و سنووردار بوون بە بەرژەوەندی گشتی، وەک هۆشداریدان لە دووروو، درۆزن، یان ئەوانەی متمانەی گشتی پێشێل دەکەن. ئەم ڕێبازە لە سەردەمی خەلیفەکان بەردەوام بوو.لە سەردەمی خەلیفە ڕاستەوخۆکاندا، عومەری کوری خەتاب (خوا لێی ڕازی بێت) بە ئاشکرا ئەو کەسانە شەرمەزار دەکرد کە سەلمێندرابوو کە فێڵیان کردووە یان ناپاکیان کردووە لە بازاڕەکاندا بۆ ئەوەی خەڵک لە بەرامبەریان ئاگادار بکاتەوە، بەبێ زیادەڕەوی و نادادپەروەری. بەم شێوەیە دەکرێ بڵێین شەرمەزارکردنی گشتی لە ئیسلامدا بەسەر دوو جۆردا دابەشکراوە: ڕێگەپێدراو و ڕێگەپێنەدراو. شەرمەزارکردنی ڕێگەپێدراو ئەوەیە کە خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی دەکات و گەندەڵی ڕادەگرێت، لەکاتێکدا شەرمەزارکردنی ڕێگەپێنەدراو ئەوەیە کە مەبەست لێی زیان یان تۆڵەسەندنەوەی کەسییە. بۆیە شەرمەزارکردنی گشتی لە سەردەمی پێغەمبەر و خەلیفە ڕێنمایی کراوەکاندا ئامرازی تۆڵەسەندنەوە یان ناوزڕاندن نەبووە، بەڵکو ئامرازێک بووە بۆ دادپەروەری و پاراستنی بەهاکان و ئاسایشی ئەخلاقی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا.

## تەوەرەی یەکەم : پێناسەی ناوزڕاندن :

### یەکەم : پێناسەی ناوزڕاندن لە لایەنی زمانەوانی :

ــ **پێناسەی زمانەوانی بۆ ناوزڕاندن:** لە سەرچاوەکاندا بۆ ناوزڕاندن, ئەوەیە لە بە ناوبانگکردنی کەسێک لە ڕووی ناوزڕاندن , یان بریتیە لە ڕوونکردنی بابەتێک , یان بانگەشەکردن لەسەرکەسەک ناشرینکردنی ئاشکرکردنی(علي الفيومي , أحمد بن محمد بن, (١٤٣١م ), المصباح المنير, الناشر: دار الكتب العلميه - بيروت, : ج١ , ص١٦٩).

نەشاردنەوە لە کارە کەی بڵاوکردنەوەی خراپەکاری لەسەری یان ناوزڕاندنی (المطرزي, أبي الفتح ناصرالدين, ١٩٧٩م ,المغرب في ترتيب المغرب , مكتبة أسمة بن زيد, سوريا , ج١, ص٤٥٩).



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

لەلایكی ترەوە بریتیە لە بڵاوكردنەوەی خراپە لەسەر كەسێک لەناو خەڵكدا لەكەداربكرێت(محمد ,أبي الفضل جمال الدين , لسان العرب , الناشر: دارصادر , بيروت , ج١٥, ص٤٣١).

ناوزراندن لە زمانەوانی دا مانای ڕاگەیاندن و ڕوونكردنەوە و نەشاردنەوە بویە دەگوترێت بابەتەكەت بۆ ئاشكرا كردوو نەتشاردەوە (شعيب النسائى, أبي عبدالرحمان أحمد , (٢٠٠١م), السنن الكبرى , , مؤسسة الرسالة , بيروت , ج٨ ,ص٣٨٩-, حديث رقم ( ٩٤٨٧ ) ).

لە لایەنی زمانەوانیەوە ئەوەیە, كە ناوزراندن ڕاگەیاندن و نیشاندانی ئەو شتانەیە, كە مرۆڤ ڕیسوا دەكات و ناشرین دەكات ئاشكرای دەكات و تورەی دەكات و وە بێزار دەكات و بۆ بڵاوكردنەوەی ئەو شتە پەخشكردنی لە نێو خەڵكدا و یەكێک لە فۆرمەكانی خراپەكاری ئەو كەسە لە بازاڕ و شەقامەكان شوێنە گشتیەكاندا دەسورێتەوە , بۆ سەرزەنشتكردن لەكەداركردنی كەسەكە بو ئەوەی بۆ هەموو خەڵک دیاربێت (٥).المطرزي , أبي الفتح ناصرالدين, ١٩٧٩م,المغرب في ترتيب المغرب , , ج١ ص١٤٠.

ئەویش ئەوەیە كە وشەی ناوزراندن دەتوانرێت بە سەرچاوە و مانای جیاوازی پەیوەست بەو وشەیە تێبگەین, وشەكە دەربارەی فریودان و هاندان , جا لەنێوان خەڵک بێت یان لەنێوان كوامەڵگایەدا بێت, لە چوارچێوەی كۆمەڵایەتیدا و ناوزراندن زۆرجار هەڵسوكەوتی توندوتیژ یان فریودانە ,كە دەبێتە هۆی ناكۆكی یان كێشەی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ ئەم مانایە گشتگیرە و دەتوانرێت لە چەند بوارێكدا جێبەجێ بكرێت , وەک ناوزراندن لە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەكان یان ئاژاوەگێڕی نێوان گروپەكان وفەرهەنگەكانی دەولەت دا ,هەروەها ئاماژە بە پەیوەستبوونی وشەكەی كاریگەری دەبێت واتە كردارێک یان هەڵسوكەوتێک كاریگەریەكی ڕوون لەسەر تاک یان كۆمەڵگا یان هوزێک بەجێ دەهێڵێت , هەروەها وشەی ناوزراندن سزایەكە كە بریتیە لە نیشاندانی كردارێک یان هەڵسوكەوتی نەرێنی كەسێک لەبەردەم خەڵک بە مەبەستی سوكایەتی پێكردن , پێویستە ئاماژە بەوە بكرێت لە ڕووی كەلتوور و تێڕوانینی یاساییدا بگونجێت (١). ابن منظور , أبي الفضل جمال الدين ,محمد, (١٤١٤هـ) , لسان العرب , الناشر: دارصادر , بيروت , ج٦ , ص٤٣١).



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

ـ وشەی ناوزڕاندن دەکرێت وەک ئامرازێک  بۆ بەربەستێک یان سزایەک بەکار بهێنرێت , کە گونجاوە لەگەڵ تاوان یان هەڵەی کەسە پەیوەندیدارەکە بەکردارە  ناڕەواکەی (٢). (أحمد بن محمد بن علي الفيومي , (١٤٣١م) ,المصباح المنير, المكتبة المصرية , , ج٢ , ص٣٢٦).

ناوزڕاندن بە ئامرازێکی ناياسايی دادەنرێت , چونکە هەموجارێک ڕێگە پێدراو نيە ,بۆيە تاوانێکە  دەتوانرێت بە ياسا سزا بدرێت(عبدالرزاق الحسيني, محمد, بن محمد, (- ١٤٢٢ هـ-_- ٢٠٠١ م) ,تاج العروس من الجواهر القاموس , الناشر: دارالهدية , كويت, ج٧, ص٦٨).

ئەگەر بۆ سوکايەتی کردن يان بڵاوکردنەوەی زانياری چەواشەکاری بەکار بهێنرێت  ئەمەش لەگەڵ بنەما گشتييەکانی مافەکانی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە کەرامەتی تاکەکانە, ئەو زيانانەی کە بەهۆی ناوزڕاندنی بێ پاساوەوە ڕوويانداوە لەبەر ئەوە  ياسای ڕوون و بڕياردەر پێويستە بۆ ڕێکخستنی ئەم جۆرە سزايە و پاراستنی تاکەکان لە هەرجۆرە دەستدرێژيەکی نا پێويست(أبن أبي سهل شمس الأئمة السرخسي, محمد بن أحمد , ١٤٣١هـ ,أصول السرخسي , دارالمعرفة , بيروت , ج١٦ , ص١٤٥).

ناوزڕاندن  لەڕووی زمانەوانيەوە بەواتای بڵاوکردنەوەی زانياری نەرێنی يان ئاپڕووبەرانە سەبارەت بە کەسێکی دياريکراو بە مەبەستی زيان گەياندن بە ناوبانگی ئەو, لەلايەکی تريشەوە پێناسەکە ئاماژە بەوە دەکات کە چۆن وشەی مانگ بۆ دەرکەوتن يان دەرکەوتن بەکار دەهێنرێن, ئاواش هەندێک جار وشەی دەرکەوتن بەمانای دەرکەوتنی کارە باشەکان و يان بەديارکەوتنی کارە خراپەکان بە ناوزڕاندن دێت، چونکە بەناوبانگ مانای دەرکەوتنی شتێکی گرنگە زۆرجار لە چوارچێوەيەکی نەرێنی وەک ئابڕووچوونێکی ناوبانگە، واتە ئەو کەسە بە خراپی يان ئاپڕووبەرانە لای خەڵک ناسراوە بۆ تيشک خستنە سەر کەموکوری و تاوانەکانی کەسێک بەشێوەيەک, زيان بە ناوبانگی و هەندێک جار بەئاسايشی کۆمەڵايەتی و کارەکەيان بگەيەنێت(ابن منظور, محمد بن مکرم بن علی, ١٤١٤هـ , لسان العرب, , الناشر:دارصادر, بيروت,ج٤ , ص٤٣١_ ٤٣٢). ناوزڕاندن بريتيە لە بڵاوکردنەوەی زانياری يان هەواڵ دەربارەی کەسێک بە شێوەيەک کە ببێتە هۆی بڵاوکردنەوەی وێنەيەکی نەرێنی کەسێک (أ بن الأثير, عزالدين ابوحسن


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

, ١٤٢٦ هـ - ٢٠٠٥ م,الشَّافِي فِيْ شَرْح مُسْنَد الشَّافِعِي, الناشر: مَكتَبَةَ الرُّشْدِ، الرياض , المملكة العربية السعودية , ج٢ , ص٥١٦).

بەزۆری لە ڕێگەی پروپاگەندە یان ئاپڕووچوون کە لە کۆمەڵگادا تۆمار دەکرێت(زکريا, أحمد ,بن فارس , ١٣٩٩هـ - ١٩٧٩م, معجم مقاييس اللغة , دار الفكر , بيروت,ج١, ص٤٦١. ناوزڕاندن پشت دەبەستێت بە خستنەڕووی کەسەکە بۆ گاڵتەپێکردن(الزاوي , طاهر, احمد , (١٩٨٣م) , مختار القاموس, الناشر: الدار العربية للكتاب, ليبيا,ص٣٤٢) سووکایەتیکردن یان شەرمەزارکردن,کە کاریگەری نەرێنی لەسەر ناوبانگ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی هەیە (٥). أبن منظر : لسان العرب , ج٦ , ص١٠٠. هەروەها لە ڕووی زمانەوانییەوە دەستەواژەی وشەی ناوزڕاندن لە ڕەگی زمانی عەرەبی (الشهر) لەمانگ وەرگیراوە کە بە مانای دەرکەوتن و ڕوونی دەگەیەنێت(٦). الفيرو ز ابادي : مجدالدين محمد بن يعقوب الاشيرازي, القاموس المحيط , ت: ٨١٧هـ , دارالنشر: المطبعة المينية : قاهرة , سنة ( ١٣٩٩ هـ - ١٩٧٩م ) , ج١ , ص٣٩٣. ناوزڕاندن دەتوانرێت وەک نیشاندانی شتەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا یان زۆرجار,بە نەرێنی تێبگەین ئەمەش کاریگەری گەورەی لەسەر ژیانی تاکەکان هەیە کولەمەڵگادا(٧). معجم مقاييس اللغة, ج٣ – ص٢٢٢. ناوزڕاندن دەتوانرێت لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوەك بێت تەنانەت ئەو دەنگۆیانەی کە لە نێو خەڵکدا بڵاودەبنەوە هەرچەندە هەندێک حاڵەت هەن, کە ناوزراندن بە شێوەیەکی ئەرێنی بەکاردەهێنرێت, وەک بانگەشەی قازانجێکی تایبەت بەڵام زۆرجار لە چوارچێوەی نەرێنیدا بەکاردەهێنرێت کە هانی خراپەکاری دەدەن نەک ناوبانگ بوون(٨). أبن منظر , أبي الفضل جمال الدين ,محمد, (١٤١٤ هـ, لسان العرب , الناشر:دار صادر, بيروت ,ج٦ , ص١٠٢).

ـ **دووەم ناوزڕاندن لەڕووی زارەکی:** بریتییە لە ئاشکراکردنی کەموکورییەکانی کەسانێک و ئاشکراکردنی نهێنییەکانیان , یەکێکە لە کارە قەدەغەکراوەکان لە هەموو ئاینە یەکتاپەرستەکان و یاسا دەستکردەکاندا بەهۆی ئەو زیانەی کە بە تاک و کۆمەڵگا دەگەیەنن.

ـ وشەکانی پەیوەست بە ناوزڕاندن لەڕووی زارەکی :

(شهر) لەچاوگەکانی ئەم وشانە هاتوە وەکو (شهيرا,مشهورا,شهران,اشهران) کە بە مانای مانگ دێت بەڵام مەبەستەکەی لە بواری ناوزراندن بەمەبەستی بڵاو کردنەوەو ئاگەدارکردن

دێت(١). ابن منظور, أبي الفضل جمال الدين ,محمد, (١٤١٤ هـ , لسان العرب , الناشر: دار صادر, بيروت، ج٧ , ص ٢٢٦).

( الفضيحة ) ئاشكراكردن: ئاشكراكردنى كەموكورى و خراپى شاراوە.

(القصة) بەمەبەستى قسەپێ گوتن: يان گواستنەوەى قسە لە نێوان خەڵكدا بە مەبەستى گەندەڵكردنى كەسێك و ناوزڕاندنى.

(التجريح ) سوكايەتى: بەكارهێنانى قسەى ناشيرين دژى كەسێك و مامەڵەكردن لەگەڵ كەسانى تر بە شێوەيەكى شەرمەزاركەر و سووكايەتى(ابن عباد , أبي القاسم ,إسماعيل ,١٤١٤هـ - ١٩٩٤ م, المحيط في اللغة , , دار النشر عالم الكتب , بيروت لبنان , ، ج١, ص ١٨٩).

(الفضح ) ئاشكراكردنى عەيبەكانى كەسێك و بەناوباگكردنى ئەوكەسە بەكەمو كوريەكانى(زێوەر محمود زێوەر , سالى ، ٢٠٠٤, فەرهنگى زێوەرى كوردى عەرەبى, فەرهنگى زێوەرى ،شوينى بلاوكردنى سليمانى ، چ١ ، ل٣٦٢).

(الفضحة) ئابروچون : ئابروچونى كەسێك بە ئەنجامدانى كارێكى خراپ(الجوهري الفارابي, أبو نصر إسماعيل بن حماد، ( ١٤٠٧ هـ ١٩٨٧ م), الصحاح تاج اللغة وصحاح العربية , دارالنشر العلم للملايين , بيروت ج١, ص٣٩١ ) لەگەڵ ئەوەشدا ئاپرووچوونەكە پەيوەندى بەوە هەبوو, كە چ شتێك شەرمەزاريیە بۆ كەسێك كاتێك دەردەكەوێت, كەواتە دەرەنجامى پێناسەكە ئەوەيە: ئاپرووچوون ناوێكە بۆ هەموو شتێكى خراپ, كە بە شێوەيەكى خراپ خاوەنەكەى ناوزڕاندن دەكات و دەگوترێت: مرۆڤ بە شێوەيەكى خراپ ئاشكرا دەكرێت بە شتێكى خراپ بێت بەناوبانگ دەبێت (يوسف , شهاب الدين أحمد بن عبد الدائم ، الدر المصون في علوم المكنون , الناشر: دار القلم، دمشق, ص١٧٣).

(أفتضح) دەرخستن : واتە دەرخستنى كەسێك و دياركردنى لەسەرئەو شتەى كە پێى ناوبانگ دەبيت(الأزهري الهروي , محمد بن أحمد , ٢٠٠١م ، تهذيب اللغة , دارنشر: احياءالتراث العربي- بيروت, ج٤, ص١٢٨).

ـ (الإشاعة): واتە پڕوپاگەندە: بريتيە لە بڵاوكردنەوەى هەواڵ و گەياندنى بە گوێى هەموو خەڵك و بڵاوبوونەوەى ئەو وشانەى كە هيچ بنچينەيان نييە(قلعجي, محمد رواس, (١٤٠٥ هـ - ١٩٨٥ م ), معجم لغة الفقهاء ، الناشر :دار النفائس , بيروت , ص٦٨).

ـ ( شائع) بەربڵاو: ناسراوە بە بڵاوبونەوە شتێک کە لەناو خەڵکدا بڵاو بووتەوە، واتە وەکوگەیشتنی زانیاری, کە گەیشتووەتە هەموو کەسێک و خەڵک زانیاری لەسەری هەیە ( الزبيدي , محمد بن محمد, ( ١٢٠٥ هـ_- ١٧٩٠ م), تاج العروس من جواهر القاموس , الناشر:دارأحياء التراث, بيروت,ج١,ص٥٣٥٥., (محمد , بكر بن عبد الله, ( ١٤٠٧ هـ - ١٩٨٧ م), طبقات النسابين , الناشر: دارالرشد، الرياض , ج١, ص١٨١).

وشەی پروپاگەندە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە و دەڵێت: ( إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ ءَامَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ ) ئەوانەی حەز دەکەن خراپە بەسەر ئەوانەدا بڵاو بکەنەوە کە سزایەکی بۆ دابین کردوون لەم دونیا و قیامەتدا(النور ، الآية ١٩).

هەروەها وشەی ( النميم) باسکردنی کەسێک: کەوتە ئەم وشەیە بریتیە لەوەی, کاتێک کەسێک باسی کەسێکی تردەکات دەیگوازتەوە بۆ هەندیک کەسی تر کە بەشیوەی (التشهير) ناوزراندن بێت لەناو کومەڵەخەڵکێکدا ,بۆیە ئاماژەم بەو وشەیەداوە , لەو کاتەدا بەمانای ناوزراندن دێت (أحمد, الشمس الدين أبي عبد الله محمد, (١٤٣١هـ ) , الكبائر للذهبي , الناشر: دار الندوة الجديدة – بيروت, ج ١, ص ٦٠). لەگەڵ ئەوەشدا وشەی (التسميع) بەمانای (فضح )کردن بە ئابروبردن و حەیابردن دێت, هەروەکو لە فەرمودەی پێغەمبەریش درودی خوای لەسەر بێت هاتوە(( مَن سَمَّعَ النَّاسَ بعَمَلِه ، سَمَّعَ اللهُ بِه سامِعَ خَلقِه وصَغَّرَه وحَقَّرَه قال فَذَرَفَتْ عَينا عبدِ اللهِ)) کەواتە ئەو کەسانەی ئەم کارە دەکەن خودای گەورە سزایان دەدات (الراوي , عبدالله بن عمرو , إتقان ما يحسن , ١٠/٢٢٥) .

ـ (الإرجاف) دەنگۆ: بریتیە لە بڵاوکردنەوەی دەنگۆ بەواتای ئەوەی کەسێک ئەو دەنگۆیە لەسەر کەسێک بەڵاو دەکاتەوە بەدرۆ بەمەبەستی ناوزراندن لەناو خەڵک دا(دريد الأزدي , أبي بكر محمد بن الحسن, ( ١٩٨٧م) , جمهرة اللغة , الناشر: دار العلم للملايين - بيروت، ج١ , ص ٢٢٧).

**تەوەری دووەم : شیکردنەوەی سزاری ناوزراندن لە روانگەی ئیسلام دا:**

**یەکەم: ( مشروعية التشهير في الاسلام ) ناوزراندنی ڕێگە پێ دڕاو لە ئاینی ئیسلام دا.** پێناسەی ناوزراندن: ناوزراندن ڕێگە پێدراوە



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٥

,بەڵام لە سنوری پێویستیەکی شەرعی و یاسایی ,مەبەست لێی پارێزگاریکردنی بەرژەوەندی گشتیە و ڕێگریکردنە لە گەندەڵکاران و خراپەکارەکان و ئاشکراکردنی زیانی ئەو خراپەکارانە بۆ سەرخەڵک, ئەوەی شایەنی باسە ئاینی ئیسلام لەچەند لایەنێکی دیاریکراوە ڕێگەی داوە کە ناوزراندن بکرێ, وەک (غەشکردن) بەو مەرجەی لێی چاکسازی بێت نەک ئازاردان , ئەمەش لەسەردەمی پێغەمبەر سڵاوی خوای لەسەر بێت لە ڕەفتارەکانی پێغەمبەر بەدیار دەکەوێت, کاتێک خەڵک ئاگادار دەکاتەوە لە هەندێ کەس ناونیشان دێنێ, کەواتە ناوزراندنی ڕێگەپێدراو (مشروعیە) وەک سزایەکی ڕێگریکردن لە هەندێ پرس و کاری خراپە خاوێنکردنی کۆمەڵگاو, بەومەرجەی کە حوکمێکی دادوەری کە ڕێگا بدات بە کاری ناوزراندن لەپێناو پارێزگاریکردنی لە کۆمەڵگا و ئەو ناوزراندنانەی کە ڕێگەیان پێدراوە, چونکە لە روانگەی ئیسلامدا ئەوەیە کە سوکایەتی کردن بە خەڵک یان سەرزەنشتکردنیان بە ناحەق یەکێکە لەو شتانەی, کە خودا لە قورئانی پیرۆزدا حەرامی کردووە, دەبێت بە دادپەروەری و دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ هەموو کەسێک بکات چونکە خودای گەورە لەم ئایەتەدا دەلێت ((وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ )) ڕەنگدانەوەی ڕوحی هاوکاری نێوان باوەڕداران لە هاندانی یەکتر بۆ چاکە و دووركەوتنەوە لە خراپە(١).التوبة ,الآية ٧١.

( تشهير المظلوم بظالمه) ناوزراندنی ستەمکار لەلایەن کەسی ستەملێکراو ئاشکراکردنی، دروستە ستەملێکراو ستەمکارەکەی ئیدانە بکات ئاشکرای بکات , هەروەها ناوزراندنی بکات لەبەرامبەر ئەو زوڵمەی لەگەڵ ئەو ئەنجامی داوە, بیری بخاتەوە و بڵێت فلانە کەس چەوساندنەوەی منی کردووە تاوەکو هەمو خەڵک ئەو کارو ستەمکارە بناسێت, بۆیە ئەوەش ئامازەیەکە بە یەکێکە لە ( التشهير مشروع ) ناوزراندنی ڕێگە پێدراو(العباس , شمس الدين محمد , ( ١٤٤٥هـ - ١٩٨٤م) , نهاية المحتاج إلى شرح المنهاج , الناشر: دار الفكر, بيروت - لبنان , ,ج ٦ ص ٢٠٦ ) (مفلح برهان الدين , إبراهيم بن عبد الله , ( ١٢ ١٤١٨هـ ١٩٩٧م), المبدع في شرح , الناشر: دار الكتب العلمية , بيروت, لبنان ,ج ٣ , ص٤٢) أبي المظفر , الإمام أبي حنيفة النعمان السلطان , (٢٠٠٠م) , من علماء الهند الأعلام ,الناشر: دار المعرفة للطباعة , بيروت - لبنان , ج ٥ ص ٣٦٢) هەروەها بەڵگەش بۆ ئەمە لە کتێبی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەرەوە خراوەتەڕوو سەبارەت بە کتێبەکە، لە وتەی خودای گەورەدا هاتوە (( لَّا يُحِبُّ اللَّهُ الْجَهْرَ بِالسُّوءِ مِنَ الْقَوْلِ إِلَّا مَن ظُلِمَ وَكَانَ اللَّهُ سَمِيعًا عَلِيمًا))

خودای گەورە دەفەرموێت کە ئەو حەزی لە نمایشکردنی قسەی خراپ بە ئاشکرا نییە، واتە ڕقی لێیەتی و لێی بێزارە و سزای دەدات لەسەری ئەمەش هەموو ئەو قسە خراپانە دەگرێتەوە, کە دەبنە هۆی ناڕەحەتی و دڵتەنگی، وەک جنێودان و بوختان و هاوشێوەکانی، چونکە هەموو ئەمانە لە شتە حەرامەکانن کە خودا ڕقی لێیەتی.  چەمکەکەی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە قسەی باشی خۆشدەوێت، وەک قسەی میهرەبان و نەرم و نیان. واتە دروستە بۆی دوعا لە بەرامبەر ئەو کەسی ستەمکار ناوزراندن بکرێت (النساء ,آية١٤٨).

ئادابێکی تەواو و کامڵبوونی دادپەروەری یاسادانانە، کە ڕێگەپێدانی قسەکردن دژی کەسی ستەملێکراو بکرێت تاوەکو هەرکەسێک مافی یاسایی خۆی وەربگرێت, جونکە تەنها بۆ کەسی  ستەملێکراو مافی ناوزراندنی لە کەسی ستەمکار هەیە(محمد شمس الدين, محمد رشيد بن علي رضا ,١٩٩٠ م , (تفسير المنار), الناشر : مطبعة دار المعرفة، بيروت, لبنان , ,ج ٦, ص ٥. تفسير القرآن الكريم الشهير ) هەروەها ابن تەيميە(عبد الحليم , تقي الدين أبو العباس أحمد , (١٤٠٦ هـ - ١٩٨٦ م ) , انتقل إلى دمشق كان داعية في التفسير من تصانيفه السياسة الشرعيةو(منهاج السنة النبوية في نقض كلام الشيعة القدرية) , الناشر: جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية, ,ج١,ص٣) لەسەر ستەمکردن لەفەرمودەیەکی پێغەمبەرمان محمد سلاوی خوای لەسەربیت دەڵێت ( لَيُّ الواجدِ يُحِلُّ عِرْضَهُ وعقوبَتَهُ ) مەبەستی ئەوەیە, کە دەڵێت هەر موسلمانێک ستەمێک بکات  وەکو ئەوەی کەسێک حەقێکی لەسەر بووە ئەو کەسە توانای گەراندنەوەی هەبوە  بەڵام ئەو حەقەی  دوایخستووە و خامۆشی کردوە لەگەڕاندنەوەی  ئەوە پێویستە سزای بدرێت, چونکە یەکێک لە ڕەوشتە جوانەکانی موسلمانان ئەوەیە کە هەرکەسێک حەقێک و مافێکی لەسەر بوو ئەوە پێویستە بۆ خاوەنەکەی بگەرێنێتەوە(٣). أبن تيمية , شيخ الإسلام أحمد , (١٤٢ ٥ هـ _ ٢٠٠٤ م) مجموع الفتاوى, الناشر: مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف , المدينة المنورة , السعودية, ج ٢٨ , ص ٢٢٩) هەروەها (وكيع کوری ئەلجراح کوری مليح) خوا لێی خوش بێت دەڵێت هەرکەسێک توانای دانەوە و گەڕاندنەوەی مافی کەسێکی هەبێت بۆی نەگەرێنتەوە, ئەوا پێویستە ئەو کەسە سجنی بکرێت, چونکە ستەمی لێکردوە لە نەگەڕاندنەوەی قەرزەکەی (عثمان الذهبي , شمس الدين، محمد, ١٤٢٧ هـ - ٢٠٠٦ م , سير أعلام النبلاء, , الناشر: دار الحديث، القاهرة – مصر , ج٩,ص١٥٦) (بیهقی)( البيهقي , أبو بكر أحمد

بن الحسين ,( ١٤٣٢ هـ - ٢٠١١ م ) , السنن الكبرى, , الناشر: دار مركز هجر للبحوث والدراسات العربية والإسلامية , القاهرة، ص١) خوا لێی ڕازی بێت لەسەر بابەتی ستەملیکردن کەباسی ئافرەتێک دەکات بەناوی ( هند) کە دایکی معاویەی هاوسەری دەلێت ابوسفیان لە عائیشەی دایکی بروادارانەوە گێراوتەوە کە (هند) بە پێغەمبەرمان (محمد) درودی خوای لەسەر بێت کە پێی گوتووە هاوسەرەکەم ڕەزیلە ستەمان لێدەکات و مافی ئێمە نەداتەوە, ئایا هیچ تاوانێک لەسەر من هەیە ئەگەر بە نهێنی لە پارەکەی وەربگرم , کەچی بەدڵی ئەو نیەو بەڕەزامەندی ئەو نیە ئەوکاتەی پێغەمبەرمان (محمد) درودی خوای لەسەر بێت کە پێی دەلێت(خُذِي مَا يَكْفِيكِ وَوَلَدَكِ بِالْمَعْرُوفِ) دروستە بەڵام ئەو پارەیەی دەبەیت دەبێت بەپێی پێویستی خوتان بێت نابێت زیادەرووی تێدا بکەیت, بۆیە ئەو جۆرە ناوزراندنە ڕێگە پێدراوە,(البيهقي , أبو بكر أحمد بن الحسين , ( ١٤٢٤ هـ - ٢٠٠٣ م ) السنن الكبرى , الناشر: دار الكتب العلمية ، بيروت – لبنان, , ج٧,ص٧٦٨)

**دووەم: (التشهير غيرمشروع في الاسلام ) ناوزراندنی ڕێگە نەپێدراو لە ئاینی ئیسلام دا:**

(التشهير بالبرئ)(ناوزراندنی بێتاوانان)خوای گەورە سزادانی ئەو کەسانەی دەکات, کە دەیانەوێت فەرموودەی ئیفک بلاوبکەنەوە, کاتێک قسەیان دەربارەی عائیشە ڕضی خوای گەورە کرد، ئەو قسە ناڕەوایە کە ئەو بێتاوانە لە دوای هاتنی (سەفوان بن موعتەل) (عثمان الذهبي , شمس الدين محمد بن أحمد, ١٤٠٥ هـ - ١٩٨٥ م, سير أعلام النبلاء , الناشر: دار الحديث، القاهرة -, مصر ,ج ٢ ص٥٤٥.

هەروەها باسی ڕووداوی ئیفک دەکات ئەو ڕووداوەی کە حەزرەتی (عائیشەی) پێ ناشرین دەکات, بەناوزراندنی ئەوەی کە زینای کردووە لەگەڵ (سفوان بن معتلی کە عبدالله بن ابی سلول ), کە منافق بووە ئەو کەسە پێی ناوزراندنی دەکات لەگەڵ حەزرەتی (عایشەی) خوای گەورە لێی رازی بێت, ئەو کێشەیە بۆی دەنێتەوە بەڵام پێغەمبەر سڵاوی خوای لەسەر بێت کە ئایەتی قورئانی دیتە خوارێ بەبێ تاوانی حەزرەتی عائیشەی خوای گەورە لێی خوش بێت پێغەمبەریش سڵاوی خوای ەسەر بێت دەلێت ئەو سفوان بن معتلە ئەو کاتی دەهاتە مالم کە من لە مالم بویمە بێ تاوانی حەزرەتی عائیشەی بەو شێوەیە هەروەها کە قورئانی پیرۆزدا هاتوە (إِنَّ الَّذِينَ جَاءُوا بِالْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِّنكُمْ ۚ لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَّكُم ۖ بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۚ لِكُلِّ امْرِئٍ مِّنْهُم مَّا اكْتَسَبَ مِنَ الْإِثْمِ ۚ وَالَّذِي تَوَلَّىٰ كِبْرَهُ مِنْهُمْ لَهُ عَذَابٌ عَظِيمٌ) ئەم ئایەتە

سەبارەت بە عائیشە دایکی ئیمانداران دابەزیوە، خودا لێی ڕازی بێت، کاتێک بوختانچی و پشتیوانەکانی ناو دووڕووەکان تۆمەتباریان کرد بە درۆ و بوختانێکی ئاشکرا(النور , اية ١١) کە لە فەرمودەی پێغەمبەر سلاوی خوای لەسەربێت هاتوە (يا معشر المسلمين من يعذرني من رجل قد بلغني أذاه في أهل بيتي ، فوالله ما علمت على أهلي إلا خيرا ، ولقد ذكروا رجلا ما علمت عليه إلا خيرا ، وما كان يدخل على أهلي إلا معي) ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە کێ دەتوانێت چاوپۆشیم لێ بکات , کە تووشی ناخۆشی و زیان لێبم لە ناو ماڵ و منداڵمدا سوێند بە خوا فێری کەس و کاری خۆمم نەکردووە تەنها چاکەیەکم فێر نەکردووە، هاوەڵگەران باسی پیاوێکیان کردووە کە من تەنها فێری چاکە بووم ئەو لەگەڵ من دەچووە ناو ماڵ و خێزانمەوە ئەوە ناوزراندنێکی ناتەواوە و هیچ راستیەکی بۆی نیە(أخرجه البخاري , في صحيحه كتاب تفسير القرآن باب لولا إذ سمعتوه من المؤمنون والمؤمنات / ج ٦ ص ١٠١ حديث٤٧٥٠.

جۆرێکی ترلە ناوزراندن کە ڕێگە پێدراو نیە کاتێک مرۆڤ بەدرۆ ناوزراندنی خۆی سومعەی خۆی ببات, کە بلێت من وام کردووە بەمەبەستی ئەوەی باسی ئیشە خراپەکانی خۆی بکات, وەکو غەشکردن و هەلخەلەتاندنی کەسانی بەرامبەری خۆی, سوکایەتیکردن بە موسلمانان ئەو شتەش دەکات تاوەکو مەتحی خۆی بکات, لەلای ئەو کەسانەی کە ئیشی خۆی وە بەرژەوەندی خۆیان هەیەتی لەگەڵیان ئەوەش لێرە زولم لەخوی دەکات لەبەر ئەوەی ئەگەر هاتو ئەو شتانەی نەکردبێت, لەگەڵیان ئەوەش نابێت و رێگە پێدراو نیە (البلخي, نظام الدين البرنهابوري, (١٣١٠هـ ) , الفتاوى الهندية, الناشر: دار الفكر , بيروت , ج٥ ,ص ٣٥٢ ) هەروەهاش لە قورئانی پیرۆزیش ئاماژەی پێ کردوە کە خوای گەورە دەلێت :(﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَكُونُوا مَعَ الصَّادِقِينَ﴾ واتە یا ئەوانەی باوەڕیتان هێناوە لە خوای گەورە بترسن و راستگوبن نەک بۆ شتێکی بێ مانا درۆبکەن و سوکایەتی و ناوزراندنی خەڵک بکەن بە درۆ(التوبة , آية١١٩)

ناوزراندن کاتێک مرۆڤ خۆی باسی خۆی بکات, جگە لە فەرمانڕەوا بە گێرانەوەی خۆی بۆ کەسانی تر لە سەرکێشەکانی خیانەت و بەدڕەوشتی یان دزی و تالانی و پرین و گەندەڵی, زۆرجار لە لایەن کەسانی بەدڕەوشتەوە ڕوودەدات کە درێژە بە گوناهەکانی دەدەن و تەنانەت ڕەنگە شانازی پێوە بکات, لەگەڵ ئەوەش دا مرۆفەکە باسی خۆی دەکات بەگەورەیی, کە کەسەکە دزێکی زیرەک و لێهاتو بووە و خۆی پێ سوکو ناشرین بکات, چونکە ئەو ناوزراندنەش قەبولکراو نیە هەروەها


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

ناوزراندنێکی رێگه پێدراو نیه (الشوكاني , محمد بن علي ، ( ١٤١٤هـ ـ ١٩٩٣م) , فتح القدير الجامع بين فني الرواية والدراية من علم التفسير، الناشر : النشر : دار الكلم الطيب -, بيروت ، ،ج ٥ ،ص٥).

لەگەڵ ئەوەشدا بێجگە لە وەی نابێت باسی خۆی عەیبەکان و کەموکوڕیەکانی خۆی بکات, پێویستە لەسەر مرڤی ئیماندار کاربکات لەسەر پەردەپۆشکردنی موسلمانان, واتە (ستر) پارێزراو چونکە ڕێگەپیدراونیە لەسەر دیاریکردنی نفسی کەسی بەرمبەر لە کەم وکریەکانی, هەروەکو بوخاری دەفەرمویت سەر فەرمودەی پێغەمبەر(محمد) سڵاوی خوای لەسەر بێت (باب ستر المؤمن على نفسه) واتا پێویستە لەسەر موسلمانان کاربکەن لە شاردنەوەی عەیبەو کەم وکوریەکانی یەکتری نەک بەناوزراندنی نەفسی یەکتری (.أخرجه البخاري, كتاب الأدب باب ستر المؤمن على نفسه ج٤ , ص ١٠٤ ,رقم الحديث (٦٠٦٩)) .

**تەوەڕی سێ یەم: ( ناوزراندن لە سەڕدەمی پێغەمبەر سڵاوی خوای لەسەر بێت لەگەڵ خەڵیفەکانی راشدین لە ساڵی ١ کۆچی , ٦٢٢ زاینی تا ٤١کۆچی , ٦٦٢ زاینی ):**

(التشهير) ناوزراندن لەسەردەمێک بو سەردەمێکی تر جیاواز بوە لەسەردەمی پێغەمبەر (محمد) سلاوی خوای لەسەر بیت ئەو دیاردەیە زور لاواز بووە, التشهيرو ناوزراندنی لە هیچ کەسێکی نەکردیە ڕیژەی ناوزراندن زور کەم بووە ,چونکو سیفەتی پیغەمبەر سڵاوی خوای لەسەر بێت دوور بووە لە ناوزراندن و ناشرینکردنی کەسێک یان خەڵکێک یان بنەماڵەیەک یان هوزێک, چونکە پێغبەر سلاوی خوای لەسەربێت زیاتر هەولیداوە خەلکی پاراستووە واتە پارێزراوی خەڵک بووە, ئەگەر هاتوئەودیاردەیە هەبۆیێت بۆچاکسازی کۆمەڵگا بووە ,تاکو وانە و پەند بێت بۆ کەسانی تر بۆئەوەی حەق و باتل لێک جیاواز بکاتەوە, چونکە نەیویستووە شیرازەی کۆمەڵگا تێک بدات , زیاتر خەڵکی پاراستووە و دووری کردوتەوە لە کاری خراپ ). هەروەکو لە قورئانی پیرۆزیش دا ئاماژە بە کەسی دزیکەر داناوەو حوکمی بۆدیاری کردووە ,کە دەبێت سزای خۆی وەربگرێت, هەروەکو خودای گەورە فەرموویەتی: ((وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِّنَ اللَّهِ ۗ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ)) سەبارەت بە دز، نێر یان مێ، دەستیان ببڕن وەک پاداشتێک بۆ ئەوەی بەدەستیان هێناوە، وەک ڕێگریەک



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

خودا بە هێز و ژیر بەرزە ,چونکە ئەو جۆرە ناوزراندنە ڕێگە پێدراوە لە ئاینی ئیسلام دا(المائدة ,آية ٣٨).

بەلام بەرامبەر ئیسلام و پیغەمبەر سلاوی خوای لەسەربێت ناوزراندن کراوە, چونکە لەسەرەتای دەست کردنی بانگەوازیکردنی ئیسلام پێغەمبەر سلاوی خوای لەسەر بێت لەگەل هەوالەکانی هەندێک لە قورەیشیەکان ناوهەلزراندینان پێکراوە ,کە لەوانەش زۆر بەناڕێکی و بەخراپی باسی پێغەمبەریان دەکرد سلاوی خوای لەسەربێت, ئەویش بۆ تێکدانی ناوبانگی پیغەمبەر و ناوەکەی بووە، لەلایەنی ڕێگریکردن لەکاری خراپە, کە یەکێک لەو نموونانەی وەکو التشهير في السرقة واتە ناوزراندن و ئاشکەراکردنی ئەو ئافرەتە مغزومیەی کە کاری دزیکردن دەکرد کەشتی دەدزی لەسەر ئەوەش هاوەلەکانی پێغەمبەر سلاوی خوای لەسەربێت دەیانویست شفاعەت بۆبکەم بەلام پێغەمبەر (محمد) سلاو خۆی لەسەربێت دەفەرموێت (وأيم الله لو أن فاطمة بنت محمد سرقت لقطع محمداً يدها) کەواتە ناوزراندنی ئەوەی کردوە کەدەلێت سوێند بەخوا ئەگەر فاتیمەی کچی محمد دزی بکردایە، محمد دەستی دەبڕی تاکو ببێتە وانەیەک و عیبرەت بو خەلکانی تر( إبراهيم , أبو عبد الله محمد , ( ١٤٠٨هـ -١٩٨٨م) , تحرير الأحكام في تدبير أهل الإسلام, , الناشر: دار الثقافة بتفويض من رئاسة المحاكم الشرعية , قطر , ص٦٨).

پێغەمبەر سلاوی خوای لەسەربێت (التشهير في حدود العقوبات ) ناوزراندن لەسنوری سزادا بەکارهێناوە , وەکو سزادانی زینا و زینا کردنی دووکەس, کە بەئاشکرایی باسی کاری زینایی خۆیان دەکەن, نمۆنە وەکۆ (معاذ بن مالك و المراة غامضية). مُعَاذُ بْنُ سَعْدٍ أَوْ سَعْدُ بْنُ مُعَاذٍ الْأَنْصَارِيُّ ذَكَرَهُ مَالِكُ بْنُ أَنَسٍ فِي الْمُوَطَّأِ عَلَى الشَّكِّ، أَخْرَجَ لَهُ بَعْضُ الْمُتَأَخِّرِينَ هَذَا الْحَدِيثَ، وَعَدَّهُ فِي الصَّحَابَةِ , (عبد الله , أبو نعيم أحمد, (١٤١٩ هـ - ١٩٩٨ م) , معرفة الصحابة, الناشر: دار الوطن للنشر، الرياض , ج٦ ص٢٤٤. رقم حديث (٥٩٧٦). کاتێک ئەوان دان بەوەدێنن , کە زینایان کردووە ئاشکرای دەکەن ئەوکاتی پێغەمبەر سلاوی خوای لەسەربێت داخواز دەکات کەدەبێت (التشهير العلني ) ناوزراندنی بە ئاشکرایی ئەوان بکرێت لەپێش چاوی خەلک ,هەروەها دەلێت ئەو ئافرەتە غامزیە تۆبەیەکی ئەوهای کردووە کە هەموو موسلمانەکان تۆبەیان کردبا بەشی هەموو میللەتی ئەهلی (مەدینەی) دەکرد (أَنَّ امْرَأَةً مِنْ جُهَيْنَةَ أَتَتْ نَبِيَّ اللَّهِ () ، وَهِيَ حُبْلَى مِنَ الزِّنَى ، فَقَالَتْ : يَا نَبِيَّ اللَّهِ ! أَصَبْتُ حَدًّا فَأَقِمْهُ عَلَى ، فَدَعَا نَبِيُّ اللَّهِ ( ) وَلِيَّهَا ، فَقَالَ ( أَحْسِنْ إِلَيْهَا ، فَإِذَا وَضَعَتْ فَائْتِنِي بِهَا ) فَفَعَلَ ، فَأَمَرَ بِهَا نَبِيُّ اللهِ )) ،فَشُكَّتْ عَلَيْهَا ثِيَابُهَا ، ثُمَّ أَمَرَ بِهَا فَرُجِمَتْ ، ثُمَّ صَلَّى عَلَيْهَا ، فَقَالَ لَهُ

عُمَرُ : تُصَلِّي عَلَيْهَا ؟ يَا نَبِيَّ اللَّهِ وَقَدْ زَنَتْ ، فَقَالَ ( لَقَدْ تَابَتْ تَوْبَةً لَوْ قُسِمَتْ بَيْنَ سَبْعِينَ مِنْ أَهْلِ الْمَدِينَةِ لَوَسِعَتْهُمْ ، وَهَلْ وَجَدْتَ تَوْبَةً أَفْضَلَ مِنْ أَنْ جَادَتْ بِنَفْسِهَا لِلَّهِ تَعَالَى (صحيح مسلم، رقم الحديث (١٦٩٦). ئەوەش دەچێتە بواری ناوزراندنی ڕێگەپێدراو کەلە تەوەری یەکەم دا ئاماژەم پێکردوە. ڕووداوێکی تر هەیە بەناوی ڕووداى (وليد بن عقبه) ناسراوە کە کاتێک پێغەمبەر (محمد) سلاو خوای لەسەر بێت (وليد بن عقبه) دەنێریتە بەنی مستلق بۆ کۆکردنەوەی زەکات , بەلام کاتێک کە (وليد بن عقبه) دەگەڕێتەوە بولای پێغەمبەر(محمد) سڵاوی خوای لەسەر بێت دەڵێت:(بەنی مستلق) ئەوانە هەڵگەڕاینەوە لەوکاتی شدا , کە ئایەتی قورئانی دیتە خوارێ لەسەر ئەو بابەتەی ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَن تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَىٰ مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ ) واتە ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر کەسێکی سەرپێچی کار هاتە لات بە زانیارییەوە، لێکۆڵینەوە بکە نەک لەبەر نەزانی زیان بە گەلێک بگەیەنێت ، لەسەر ئەوەی کردووتە، پەشیمان ببیتەوە. مەبەستیشی ئەوەبووە وليد بە فاسق ناوبراوە ناوهەلزراندنی تێدا کراوە, پێی دەلێت فاسق کە ئەوەش جۆرێکە لەجۆرەکانی (التشهير) ناوزراندن ئامانجی ئەوەیە هەتا ببیتە وەکو ئاگەداڕکردنەوەیەک ئانکو سزاکردنی ئەو کەسەی ئەو قسەی گوتوە بەڵام شتێکی گشتی نەبووە تایبەت بوە بە نازراندنی وليد کوری عقبە(تفسير الطبري ، الحجرات , اية ٦).

پێغەمبەر (محمد) سڵاوی خوای لەسەربێت کاتێک, کە باسی مونافقەکانی دەکرد بەمەبەستی گوتنی سیفەتی مروقی مونافق, کە دەیگوت بۆ ئەوەی بووە کە خەڵک ئاگادار بکاتەوە و قەدەغەی بکات لەوکارەی مونافقەکان, ئەوەش بەمانای ناوزراندن دێت بۆ قەدەغەکردنی خەڵک لەو کارەی مونافقەکان دەکەن, خەلک لێی ئاگەدار بکرێتەوە, تا ئەوکارەی دووبارە نەکەنەوە, بونمونە لە غەزوەی (تەبوک) ئایەتێکی قورئانی دیتەخوارێ کە مونافقەکان ئاشکرای دەکات (إِذَا جَآءَكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُواْ نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لِرَسُولِهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ)واتە خوای گەورە دەفەرموێت، ئاگادارتان دەکاتەوە لە مونافیقەکان، کە ئەوان تەنها لە دەرەوە وا خۆیان نیشان دەدەن موسڵمانن، بەڵام لە ناوەوە ئەوان بەو شێوەیە نین، بەڵکو پێچەوانەی ئەوەن. هەر لەبەر ئەم هۆکارە خوای گەورە دەفەرموێت: (کاتێک مونافیقەکان دێن بۆ لاتان دەڵێن ئێمە شایەتحاڵی ئەوە دەدەین کە تۆ پێغەمبەری خوایت) واتە کاتێک لەگەڵتان ئامادە دەبن لەگەڵ ئەوەدا ڕووبەڕووتان دەبنەوە و بۆتان ڕوون دەکەنەوە، و وەک ئەوەی دەڵێن نییە. بۆیە باوەڕیان بە ڕاستی و ئەو قسانەی ئەوان نەبووە و هەر لەبەر





Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ئەم هۆکارەش بە درۆزن ناویان بردووە لە پێوەندی لەگەڵ باوەڕەکەیاندا. ئەوەش بۆئەوە بووە تاوەکو خەڵک لێی ئاگادار بکرێتەوە ئەوەش جۆرێکە لە جۆرەکانی ناوزڕاندن(المنافقون - اية ١).( حنبل , أبو عبد الله أحمد , ١٤٣٠ هـ - ٢٠٠٩ م الجامع لعلوم الإمام أحمد, الناشر: دار الفلاح للبحث العلمي وتحقيق التراث، الفيوم جمهورية ,مصر, , ج٣ , ص٢٧٦).

لەسەردەمی پێغەمبەر (محمد ) سڵاوی خوای لەسەر بێت لە شاری مەدینەی پیرۆز زۆر جار نەهی کردووە لەو کەسانەی کە کاری غەش دەکەن واتە فێڵکردن مەبەستی لە وشەی (غشاش) کە بە ناوزڕاندن دێت ,کە سیفەتێکە دەدرایە پاڵ ئەوکەسانەی ئەم کارەدەکەن , بەخەلکی دەگوت لەگەڵ کەسی غشاش کار نەکەن بەڵام ناوی کەسەکانی بە ئاشکرایی نەدەهێنا بلام دەی گوت نابێت کاری بازرگانی و معاملات لەگەڵ ئەوکەسەی کاری فێلکردن و غەش دەکەن بکرێت هەروەکو لە فەرمودەی پێغەمبەر سڵاوی خوای لەسەربێت هاتووە: (من غشنا فليس منا ) واتە ئەوەی غەش و فیلکردن بکات لە ئێمە نییە (السيوطي , جلال الدين السيوطي , ١٤٢٦ هـ - ٢٠٠٥ م جمع الجوامع المعروف بالجامع الكبير , الناشر: الأزهر الشريف، القاهرة , مصر, ج٩,ص٥٨٠. صحيح مسلم, رقم حديث (١٠٢) ).

لە قورئانی پیروزیش دا هاتووە , ئاماژەی بەو سێ کە سە کردووە ﴿ وَعَلَى الثَّلَاثَةِ الَّذِينَ خُلِّفُوا حَتَّىٰ إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ الْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ وَضَاقَتْ عَلَيْهِمْ أَنفُسُهُمْ وَظَنُّوا أَن لَّا مَلْجَأَ مِنَ اللَّهِ إِلَّا إِلَيْهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ لِيَتُوبُوا ۚ إِنَّ اللَّهَ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ﴾, واتە بە هەمان شێوە خوای گەورە تەوبەی ئەو سێ ئەنسارەی قبوڵ کرد کە لە دوای خۆیان مابوونەوە (کەعبی کوری مالیک , هیلالی کوری ئومەیە , مورارەی کوری ڕەبیع ), کە لە پێغەمبەری خوا مانەوە و سڵاوی خوای گەورە لەسەربێت و بە قووڵی دڵتەنگ بوون، تا زەوی سەرەڕای فراوانیەکەی، زۆر تەسک بوو بۆیان لە خەم و پەژارە دەرچوو و پەشیمان بوون لە مانەوەیان، وە ڕۆحیان زۆر توند بوو بۆیان بەهۆی ئەو نیگەرانیەی کە بەسەریاندا هاتبوو وە دڵنیا بوون لەوەی, کە هیچ پەناگەیەک لە خوای گەورە نییە, تەنها لە خودا نەبێت. خوای گەورە و مەزن ڕێنوێنی کردن بۆ گوێڕایەڵی و گەڕانەوە بۆ ئەوەی دڵی ئەوی ڕازی بێت، خودا لێخۆشبوو و میهرەبانە بۆ بەندەکانی(التوبة ، اية ١١٨). هەروەها ئەوەش ئاماژەیەکە بو ئەوانەی لە شەڕی تەبووک هەریەک لە (کعب بن مالك , هيلال بن الاميه , مرارة بن ربيع) کە ئەوانە نەچوونە غەزوەی (تەبووک) ئامادەنەبون لە غەزوەی تبوک, بەڵام بەبێ عوزرێکی شەرعی بەبێ مۆلەت وەرگرتنێکی شەرعی

بەژداریان لە غەزوەی تەبووک نەکردووە, لێرەدا هەروەها لە فەرموودەی پێغەمبەر (محمد) سڵاو خوای لەسەر بێت بەدیاردەکەوێت, کە ئەو سێ کە ئامادە نەبوون وای لێکرد بریاری سزادانیان بدات بە ئاشکرایی کە (٥٠) پەنجا ڕۆژ قسەیان لەگەڵ نەکات ,وەکو سزایەکی تەنبیکردن بو ئەو سێ کەسە بە ئاشکرایی ناوزراندیان تێداکرد , (الشهري ,نوح بن يحيى , ١٤٣٩هـ - ٢٠١٧م , موسوعة التفسير المأثور الناشر: الناشر: دار ابن حزم – بيروت , ج١٠,ص٧١١. ( البخاري ،رقم الحديث ٤٤١٨. مركز الدراسات والمعلومات القرآنية).

(عقوبات التشهير ) سزای ناوزراند کە ئەو سزایە لەسەردەمی پێغەمبەر (محمد) سڵاوی خوای لەسەربێت دەدایە ئەو کەسانەی,کە کاری خواردنەوەی (خمر) خواردنەوەی مەییان دەکرد, یەکێکیش لەو کەسانە کە ناوی (عبدلله) بوە وەلەقوریشی ( عبدلله حمار) بووە چونکە زۆر مەی دەخواردەوە بەئاشکرایی,فەرمودەی پێغەمبەریش هەیە لەسەر ئەو کەسەی کە (الخمر) واتە مەی دە خواردەوە بە ئاشکرایی سزایی دەدا و ناوزراندیان دەکرد, کە مەیی دەخواردەوە (حسن , عبد اللطيف بن عبد الرحمن , ١٣٤٩هـ , مجموعة الرسائل والمسائل النجدية لبعض علماء نجد الأعلام ,الناشر: دار العاصمة، الرياض، المملكة العربية السعودية , ج٣, ص٨ ). (البخاري , رقم الحديث : ٦٧٨٠).

شایەنی باسە پێغەمبەر سڵاوی خوای لەسەربێت زۆر توشی ناوزراندن بوە لەسەرەتای بانگەوازی ئیسلام, کە ڕاگەیاندنی بانگەوازی ئیسلامی کرد قورەیشیەکان هەستانبە ناوزراندن ( التشهير) بە پێغەمبە سڵاو خوای لەسەر بێت, لەبەر ئەوەی ئەو بنەما نوێیەی لەبانگەوازی ئیسلام ناگونجێت لەگەڵ بیرۆ باوەڕی ئەوان بۆیە بۆ مەبەستی وناوزراندنی(التشهير) بە پیغەمبەر سلاو خوای لەسەر بێت, هەستان بە( اتهام) و تاوانبارکردنی بە درۆ هەندێک سیفەتەوە وەکو ( شێت و جنون و دروکەر و وە سحر شحوذة) یانی پیغەمبەر سڵاوی خوای لەسەر بێت بە چوار سیفەت ناوزراندن(التشهير) پێکرد, وهەروەها اتهام و تاوانباریان کرد پیغەمبەر سڵاوی خوای لەسەر بێت دەیەوێت بەوەی هۆزەکان تێک بدات و هەروەها سومعەو ناو ناوبانگی پێغەمبەر سڵاوی خوای لەسەر بێت ناشرین بکات و تێک بدات لەپێش چاوی خەڵک و هۆزەکانی عەرەبی کە بوختانیان پێکرد بەوەی پێغەمبەر سڵاوی خوای لەسەربێت تەنها پارەو دەستهەڵاتی دەوێت ,چونکە ئەو کارەی قورەیشیەکان دەکرد بە پێغەمبەر سڵاوی خوای لەسەربێت تاوەکو ڕابگرن لەکارەکەی ئەویش بانگەوازی

ئیسلام بوە , بونموونە کەسێک هەبووە بەناوی ( ولید بن موغیرة) (سلیمان, أبو موسى الرعيني عيسى, ١٤٣٠ هـ - ٢٠٠٩ م , الجامع لما في المصنفات الجوامع من أسماء الصحابة الأعلام أولي الفضل والأحلام , الناشر: المكتبة الإسلامية للنشر والتوزيع، القاهرة, ج٥,ص٣٣١) کە ئەو (استهزاء) واتە گالتەی بەپێغەمبەر کردوە سلاوی خوای لەسەربێت ناوزراندنی بەپیغەمبەر کردوە سڵاوی خوای لەسەر بێت اتهام و تاوانباری کردووە بە( سحرو شهوزة) , هەروەکو لە تفسیری ابن کثیر  کە خودای گەورە دەفەرمویت{إِنْ هَذَا إِلَّا سِحْرٌ يُؤْثَرُ} کە مەبەستی لە (ولیدی کوری مغیرەی) بووە چون باسی اتهام و تاوانبارکردنی پێغەمبەر دەکات سڵاوی خوای لەسەر بێت  بە ( سحر و شهوزة) واتە بە جادووی و ئارەزووی واتە ئەوان بانگەوازی دەکرد قورئان قسەی خودا نییە، بەڵکو سیحرێکە  لەلایەن ساحیرەکانی ترەوە لاسایی کراوەتەوە قسەی مرۆڤەکانە دەیانگوت قورئان تەنها قسەی مرۆڤەکانە، نەک قسەی خودای گەورەیە, قسەی خراپەکارانە و ئەوان ڕەتیان کردەوە ,کە قورئان قسەی خودا بێت، وە دەیانگوت قسەی کەسانی خراپە، واتە درۆزن و ساحیرەکانە, ئەوەش ناوزراندنێکی بەئاشکرایی بووە(٢).تفسیر ابن كثير ، ( المدثر، اية٢٤).

